# نزمبوونەوەی پلەی گەرما,یەکسانە بە بەرزبوونەوەی تورەییەکان!

بەشدار علی

ئەم هەفتانە پلەی گەرمای کوردستان لە خوار هێڵی سفرەوە تۆمار دەکرێت و شەپۆڵێکی ووشکی و ساردی شارەکانی کوردستانی گرتۆتەوە,ئەو وەزعیەتە گەر زەرەیەك بەها ئینسانیەکان و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان لای دەسەڵاتدارانەوە گرینگیەگی هەبێت و دەسەڵاتێك هەبێت بۆ کەمکردنەوەی کێشە و گرفتەکان و چارەسەرکردنیان ,رەنگە زۆر زۆر ئاسایی بێت و بەکەمترین باج و کێشە تێپەربێت,بەڵام لە مەملەکەتێکی وەکو کوردستاندا کە بەرپرسان و دەسەڵاتداران خۆیان لە فرسەتدان بۆ هاتنەپێشەوەی رووداوی ترسناك و کێشە و گرفتی جۆراو جۆردا بەسەرسەری خەڵکەوە بۆ زیاتر قازانج کردن(چونکە هەر یەکێکیان بگریت لە دوو سێ لاوە بازرگانیشن!)لەگەڵ ئەوەشدا بۆ زیاتر شپرزەکردن و تێك چوونی شیرازەی ژیان کردنیان و خەریك بوونیان بە پێداویستیەکانیان و و لێڵ کردنی کەمێك لەو سات و سەودا و تالآنیەی کە رۆژانە ئەنجامی دەدەن, بەڵام ئەو فیلمەش لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە باش هەستی پێکراوە باش دەزانن لە هاتنە پێشەوەی کێشەکان بەرپرسی یەکەمن و هەر ئەوانیش سوود وەردەگرن,بۆیە هەرگیز ئاسایی نیە و لەگەڵ دەرکەوتن و هاتنە پێشەوەی هەر کێشە و گرفتێك هەتا سروشتیش بێت لەگەڵ توندترین تورەی و نارەزایەتی خەڵکەوە رووبەروو بۆتەوە و ئەوا بە ئاسانی بەسەریاندا تێپەر نابێت,هیچ منداڵ و پیرو پەکەوتەیەك بەسەرمای ئەو مانگەی کوردستان نەمرد ,بەڵکو ئەوە نەبوونی و گرانی سوتەمەنی و خانووی بێدەرگاو پەنجەرەو و کەلاوەکان و نەبوونی دەرمان و پێداویستیەکانی تەندورست و بێ دەربەستی دەسەڵاتداران پەکی خستن و ژیانی لێسەندنەوە و دووچاری بەڵای گەورەی کردن,ئەگەر ساکارترین پێداویستیەکانی ژیانکردن و کەمترین بڕی‌سوتەمەنی کارەبا و ئاو بۆ قوتابیانی بەشە ناوەخۆییەکان دابین بکرایە ئەوا شپرزە و سەرگەردانی نەدەکردن و لە نێو پێخەفی خزم و ناسیاوانیان نەدەکەوتن,بۆ چەندین جاری تریش سەرمای زستان و نزمبوونەوەی پلەی گەرما و نەبوونی سوتەمەنی و پێداویستیەکان قوتابیانی بەشە ناوەخۆییەکانی لە هەولێر و سلێمانی بە بەتانیەوە هێنایە سەر شەقام و و تورەی و نارەزایەتیەکانی خەڵکیشی چەند کێرڤێکی تر بردە سەرەوە و یەك بە گەروویان هاوار دەکەن ,سامان و سەروەتی ئەو وڵاتە هێندەزۆرە ئەگەر لەدەست و ئەو دز و گەندەڵانە دەربهێندرێت دەتوانێت ژیانێکی شایستەی ئینسان بۆ هەموو کەسێك لە کوردستان دابین بکرێت,هەر بە پارەی میهرەجان و ڤیستیڤاڵ و کۆر و

کۆبوونەوە و شەکراو خواردنەوەکان و دەعوەت و دیارییەکان و بەسەربردنی شەوە سوورەکانی ئەم مانگەی بەرپرسان لە هەولێر و سلێمانی دەتواندرا بە زیادەوە هەموو پێداویستیەکانی بەشە ناوەخۆییەکانی خوێندکاران دابین بکرێت, کە جگە لەبەسەر بردنی چەند کاتێکی (ئاسوودەی)بۆ خۆیان کەسێکی تر سوودی لێوەرنەگرتووە و لێوەرناگرێت,ئەگەر هەر ئەو مانگە ئەگەر بەرپرسان لە بەرەوپێش بردن و زیادکردنی سەروەت و سامان و کڕینی هەمەر و مۆنیکاکانیان و دورستکردنی کۆشك و کۆمپانیا و ڤێلاکانیان دەستیان هەڵگرتایە,دەتواندرا لە بازاری رەشیش( کە هەر خۆیان کۆنترۆڵیان کردووە) بە زیادەوە پێداویستی سووتەمەنی و دەرمانی ئەو سەرمای زستانەی خەڵك دابین بکرێت و ئەو وەزعیەتە بێ مەترسی تێپەرێت.

ئاخر بێ هۆنیە گەنجان و لاوانی کوردستان بێ ئومێد و بێ هیوان و هیچ شتێك بەم ولاٌتەیان نابەستێتەوە و دەزانن خوێندن و زانکۆ و دیراسات و ماندووبوون و کارکردن نایانگەیەنێتە ئەنجام,بۆیە دووچاری دەیان نەخۆشی دەروونی و جەستەی و فیسیۆلۆجی هاتوون و لەنێو تورەی و دلەراوکێ و بێ ئۆقرەی و لادان و ئالودەبوون بە مادەی بێ هۆشکەر و رێگای هات و نەهاتی کۆچ و سەفەرا, دەخولێنەوە.

هەر لێرەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت لە چەند ساڵی رابردووەوە بەهۆی خراپی و ژیان و گوزەرانی خەڵك و نایەکسانی و سەرکوت و ئیستبداد و کار و کردەوەی دەسەلاٌتداران و وەلاٌم نەدانەوە بە پێویستی و کێشەکانی خەڵك,خۆپیشاندان و مانگرتن و نارەزایەتی بە شێوازی جیاواز لە شەقام و زانکۆ و قوتابخانەکان و بازارەکان بەدیدکراوە سەرباری دورستکردنی جەوێکی تۆقێنەر,بەلاٌم ئەمانە نەگەیشتنە ئاستی چاوەروانکراوی خەڵك بەهۆی نا یەکگرتووە و رێکخراو نەبوون و کۆبوونەوە لە دەوری یەکدا,بۆیە پێویستە هەرچی زووتر پەلە بکەین لە دورست کردنی رێکخراوێکی سەراسەری سەربەخۆی یەکگرتوو کە داوا و خواستەکان وەکو خۆی ریز بکات,هەر ئەمەش زامنی سەرکەوتنمانە بۆ بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی شایستەی بەشەر.

Bashdar_net@yahoo.com